## شاری خەونەكان یان شاری خەمەكان. . . . . . ؟ هێمن عومەر



ئەگەر چی بۆمنی داماوی تازە دامەزراوو دەرچووی زانكۆ بە معاشێكی بمرەو بژی بیر لە هیچ پرۆژەیەك ناكرێتەوەو مەترێك زەویم بە هەموو تەمەنم لەو هەولێرە ئەگەر وابڕوات بۆ ناكڕێت بەلاَم ئەو دونیایەش پڕیەتی لە بەخت و سودتفە ئەگەر چی لەوەشیان باوەڕ ناكەم بەختم هەبێت بەلاَم ئەوە خواشە ئەمشەو لە خەوما جانتایەكی فول ببینمەوەو هەربەدەم خەوەوە بەرەو شاری خەونەكان بەڕی كەوم خانوێك بكڕم و بەیانیش خەونەكەم ببێتە ڕاست، خۆ جار جارێكیش وڕێنەی لەم شێوەیە خۆشە بەلاَم ئەوەندە بەدبەختم ئەگەر خەونەكەشم ببێتە ڕاست دلَنیام خانوەكەی من دەكەوێتە نێوانی دوو مالَە بەرپرسەوەو ئەولاو ئەولای جادەم لێدەگرن و دووتاسەشم بۆ دورست ئەكەن ئەبێت بۆ خۆم بلَێم وەلاَ لە جەزیرەیەك بەناوی شاری خەونەكان دەست بەسەرم،

بەڕاستی بۆ منێكی ئاوا بەدبەخت خەیالَكردنەوەی ئاواش هەرخەمەو شاری خەونەكان دەبێتە شاری خەمەكان بۆم، بۆیە باشترە هەر خەونە ڕاستەقینەكانی خۆم ببینم ئەری ئەبێت وەزعی كارەباكەمان چیلێهاتبێت ئەبێت بیر لە پرۆژەی ئەو خەمە گەورەیە نەكرێتەوە كە خەوی هەموو داماوو بەستەزمانی ئەو میللەتەیە بەخوا وابزانم داماوینە ئەوەندە كارەبایەی هەشمانە ئەدرێتە شاری خەونەكان دەیالَە كارەبامان بۆ چییە خۆ خەونی ئێمە هەر ڕەش و سپیە، بەخوا خەوێكی خۆش بوو نەوت هەرزان بوایە وا زستان هات چی لە گڕی ئاگرێكی زۆپایەكی دوكەلاَوی خۆشترە كاتێك لێوت شەقە شەقەكات بە بەتانیەك بەسەر پشتتەوە گەرم بیتەوە ئاخر ئەگەر ئەو ولاَتە پڕی لە فەسادی و گەندەلَی نەبێت وا لە سەر چالَە نەوت دانیشتووین كەچی خەو بە دۆزەخ وە ئەبینین نەوەك و ئەم زستانە ڕەق بینەوە ئەگەر وانیە بۆ برادەرێكی ئەمریكی دێت بەبەردەم سەرەی بەنزینەوە دەلَێت ئەو بەنزینەی ئێوە دێتە ولاَتی ئێمە، ئێمە سەرەی بۆ ناگرین

ئێتر بەئێمە چی شاری خەونەكان پیرۆزبێت شاری بەر پرسەكان بەلَكوو هەمووی لای یەكتری كۆئەبنەوەو ئێمەش لەو هەموو كۆلاَن گرتن و تاسەیە نەجاتمان ئەبێت.